ڕووداو
# ئەدەب و کولتوور

ژمارە (2) دووشەممە 2017/1/9



ژمارەی داهاتوو:

- چیرۆکی لیدیا دەیڤس
- گوڵ، وەک بکوژ و پەژموردە کراوی نێو شیعر


نامەی ئەحمەدی شاملوو بۆ ئایدای هاوژینی

## ئایدا، ئومێد و شووشەی تەمەنم!



**لە فارسییەوە: هۆشەنگ دارا**

لەگەڵ ئەوەدا کە کات کەمە و کار بێکۆتایی، لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئێستاوە پێموایە کات لە نیوەی شەو تێپەڕیوە، پێویستە دەست بە کار بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە هەر خولەکێک بقۆزمەوە، بەڵام ناتوانم باوەڕ بە خۆم بێنم کە چەند دێڕێکت بۆ نەنووسم و لەگەڵ ئەوەدا کە کاژێرێک نابێت لە تۆ دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام ناتوانم بێ تۆ بم.

**ئایدا گیانم!**

خراپترین ڕۆژانی تەمەنم تێدە پەڕێنم. گوشاری کەمدەستی و گوشاری ئەو ژنە بێویژدان و بێبەزەییەش لەلایەکی ترەوە، گوشاری بانک کە داوای پارەکەی دەکاتەوە و گوشاری بێغیرەتی و پیسیی ئەم پیاوەی شارلاتان کە دوو مانگ تەمەنی منی بە ئەمرۆ و سبەی بە فیرۆداوە، هەموو منیان خستووەتە ناو بەردەئاشەوە.

پێویستە لە سفرەوە دەست پێبکەم، بەڵام بۆ ئەوەی بگەمە سفر پێویستە هەوڵی زۆر بدەم. لەگەڵ ئەوەشدا هەناسەی گەرمی تۆ، بوونی تۆ، عەشق و دڵنیاییت هێزم پێدەبەخشن. پڕم لە ئومێد و پڕم لە وزە. تۆم هەیە و خەمی هیچم نییە. نەک هەر لە سفرەوە، بەڵکو لە بێکۆتای خوار سفرەوە دەست پێدەکەم و لە هیچ ناترسم. من لە بەردەم مەرگێکی نائومێدکەردا، لە بەردەم ‹›ئۆغرێکی لەناکاودا›› تۆم بینییەوە؛ کاتێک تۆ گەیشتیتە من، من شکستی ڕەها بووم، من مردوو بووم. دەی کەوایە ئێستا دەبێت لە چ شتێک بترسم؟

دەستەکانی تۆ لەناو دەستی مندان. ئومێدی تۆ لەگەڵ مندایە. دڵنیایی تۆ لەگەڵ مندایە. چ شتێک ڕێی تێدەچێت کە بتوانێت ڕێگر بێت لەبەردەم ئەم پێشکەوتنەی من؟ بچووکترین بزەی تۆ من لە هەموو بەدبەختییەکان ڕزگار دەکات. بچووکترین میهرەبانیی تۆ من لە هێزی هەموو خوداکان لێوڕێژ دەکات... دڵنیا بە کە ئەحمەدی تۆ بەدبەخت و شکستخواردوو نییە. هەموو سامانەکانی دونیا، هەموو چێژەکانی دونیا، هەموو جیهانی بوون، بۆ من لە بوونی ‹›ئایدا››دا کورت دەبێتەوە. تۆ بمێنە، بهێڵە من تف لە ڕووی هەموو ئەوانە بکەم. بهێڵە نیشانت بدەم کە عەشق، پەڕجوویەکی سەیرە. تۆ تەنها بزەت هەبێت. بەڵێن بدە بەس پێبکەنیت، ئۆمێدەوار بیت و متمانەت هەبێت. هەر ئەوەندە!

تەواوی بەدبەختییەکانی من، جگە لە بوکەڵەیەکی گاڵتەجاڕ و بێمانا زیاتر هیچی دیکە نین. هەموو ئەم گرفتانە تەنها مێشێکی وەڕەزکەرن کە بە جوڵەی دەستێکی تۆ نامێنن... بەدبەختی تەنیا کاتێک دێتە لای من کە بزانم ئایدای من، بزەی لەبیر کردووە. تەنها لە وەها کاتێکدایە کە تاڵیی هەموو بەدبەختییەکان دڵم لێوڕێژ دەکەن.

**ئایدای من!**

ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بم، بە ڕوومدا پێبکەنە. بێدەنگیی خەمباری تۆ بۆ من یەکسانە بە تاریکیی مردن. بە گیانت، دەست و دڵم دەلەرزێن، خۆم لەبیر دەکەم و دێتەوە بیرم کە لە دونیادا هیچ شتێکم نییە. بەدبەختێکی سەرگەردانم کە نەمتوانیوە ئومێدی سەرکەوتن تەنانەت لە دڵی گەورە و بەهێزی ئایدای خۆمدا دروست بکەم...

لێوانی بێ بزەی تۆ، ئایدا! لێوانی بێ بزەی تۆ سەرکەوتنی بەدبەختیی منە بەسەر بوونی مندا.

بهێڵە من بەسەر بەدبەختیدا سەرکەوم.

بزەت لە بیر مەکە ئایدا،

بزەت لە بیر مەکە.

لەم قەیرانە ڕزگارمان دەبێت. دوای ئەویش، من دەبێت لە پڕ باڵا بکەم... من زۆر دواکەوتووم. پێویستە یارمەتیم بدەیت تا ئەم دواکەوتووییە قەرەبوو بکەمەوە... کات کەم و ڕێگا دوورە، پێویستە هەنگاوی درێژ هەڵبێنم. من بەرەو پێشەوە ببە! یارمەتیم بدە! تەنها بە لێوەکانت، تەنها بە زەردەخەنەت، تەنها بە باوەشی پڕ لە میهرت. بە نیگات و بە بەزەییت.

پێبکەنە!

هەمیشە پێبکەنە!

بە ئومێد بە عەشقی تۆوە ئێستا من دەست بە کار دەکەم.

شەو شاد — ئەحمەدی تۆ

هەینی 27ی میهری 1341

سەرچاوە: نامەکانی ئەحمەدی شاملوو بۆ ئایدا، لە کتێبی/ وەک خوێن لە ناو دەمارەکانی مندا.

## ڕۆمانی «ڕووەکی» وەرگری خەڵاتی مان بووکەر بۆ ساڵی 2016

# ڕۆمانێک دەربارەی ژیانی مۆدێرنەی کۆریای باشوور

**ئا: ئەدەب و کولتوور**




(ڕووەکی) لە 17ی مەی 2016 خەڵاتی مان بووکەری نێونەتەوەیی بۆ ساڵی 2016 ی وەرگرت. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ڕۆماننووسی بەناوبانگی تورک و جیهان و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، ئۆرهان پاموک، یەکێک بوو لە پاڵێوراوەکان بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بە ڕۆمانی «سەمەرەیەک لە سەرمدا» « بەپێی گۆڤاری- The Week» پێنجەم باشترین ڕۆمانی 2016 و بەپێی ماڵپەڕی «هافینگتن پۆست»یش باشترین ڕۆمانی ساڵی 2016یە.

ڕۆمانی ڕووەکی لە زۆرێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە بەناوبانگە جیهانییەکانی وەک ‹›نیویۆرک تایمز» و «NPR» و «تەلەگراف» و ‹›پەپلیشەرز ویکلی›› وەک یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکانی ساڵی 2016 دیاری کراوە. بە دیاریکراویش لە یانزە لیستی جیهانیدا وەک یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکانی ساڵی 2016 ناوی هێنراوە.

ڕۆمانەکە لەلایەن "دیبۆرا سمس"ـەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و هەر بەو وەرگێڕانەش خەڵاتی مان بووکەری 2016ی وەرگرت و وەرگێڕانە کوردییەکەش لەوەی دیبۆرا سمسەوە لەلایەن هەژار عوسمان کراوە بە کوردی.

ڕووەکی ڕۆمانی ژنە ڕۆماننووسی کۆریای باشوور « هان کانگ» ە و بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 2007 بڵاوبووەوە. پاش هەشت ساڵ و لە جەنیوەریی 2015دا بە زمانی ئینگلیزیش بڵاوبووەوە.

ڕووەکی ڕۆمانێکە دەربارەی ژیانی مۆدێرنی کۆریای باشوور، بەڵام ڕۆمانێکیشە دەربارەی شەرم، هەواوهەوەس و شکستی هەوڵەکانی تێگەیشتن لە یەکتری. باس لە چیرۆکی ژنێکی ماڵەوە دەکا کە بڕیاری وازهێنان لە گۆشتخواردن دەدات پاش بینینی خەونێکی خوێناوی و مۆتەکەیی لەمەڕ مرۆڤەوە و پەل دەهاوێ بۆ وێرانکردنی ڕووداوەکانی دواتری ژیانی خۆی و ژیانی خێزانیشی.

لەم ژمارەیەی ئەدەب و کولتووری ڕووداودا، هەڤپەیڤینێک لەگەڵ « هان کانگ»، نووسەری ڕۆمانی ڕووەکی بخوێنەوە.

# کافکا دروستکاری مینیمالیزم



**فریا یونسی**

دەمێک ساڵە ناتوانم خۆ لەم بینەرە نەبان بکەم. ئەم کافکایە هەر نووسەر نییە، نا دڵنیام پێش ئەوەی نووسەر بێت، بینەر بووە و نهێنییەکانی جیهانی ئادەمیزادی بینیوە. پێم وابێ کەمێک بتوانم دەردەدڵ بکەم لەسەر ئەم نووسەرە و خۆ لە ماناکانی دەقێکی مینیمالی هەڵقورتێنم. کاتێک «گوستاو یانووش» لە کتێبی گوتووێژ لەگەڵ کافکادا، جیهانبینییەکانی کافکا ڕووندەکاتەوە و کاتێک خۆی لە نامەکانیدا بۆ فەلیسا، دەهێنێت بێ ئەوەی وەکوو مەعشووقێکی سیستماتیک بڕوانێتە دەزگیرانەکەی و باسی سۆز و شتی وای بۆ بکات، باس لەو دژوارییەی نێوان جیهانی دەرەکی (Objekt) و جیهانی ناوەکی (Sobjekt) دەکات و ئەوەی کە چۆنە بووەتە کێشەیەکی دێرینی نێوان مرۆڤ و زەمان؛ زیاتر ناخی مینیمالەکانی ئەو پیاوەمان بۆ دەردەکەوێت. کێشەی کافکا گێڕانەوەی مازووخییانەی چیرۆکە بۆ مرۆڤ. بەڵام ئەم گێڕانەوە چجار ناچێتە خانەی ئەوەی وا بێنێت بە چیرۆکەکانی، بە مینیمالێک یان بە نۆڤلێتێکی، ئادەمیزاد دڵخۆش و سەرقاڵ بکات کە بۆ نموونە ژانەکانی ژیانی لە بیر بچێتەوە و لەو مەودا زەمانییەی دا وا خەریکە دەخوێنێتەوە، هۆشی بە هیچیەوە نەمێنێت و سەفەر بکات بە باڵی خەیاڵی دەق. نا، شتی وا لای ئەم لەئارادا نییە.

ئەم کافکایە هەموو وجوودی نووسراوەکانی سام و دڵەڕاوکێیە. دڵەڕاوکێی چی؟

تۆ دەمێکە هەی لەم ژیانەدا و هێشتا جارێک ئەو وشیارییەی تەنها لە تاقەتی تۆدایە، رووی نەداوە نەتتوانیوە جارێک لە ڕەوتێکی مەخمەڵینی هزرتەوە، پەل باوێژی بەرەو لقەکانی ئاگایی و دامەزرێیتەوە لەسەر خاڵی بنەڕەتیت. هێشتا گیرۆدەی ئەو کەسێتیە گوناهەیت کە لە مێژە کۆمەڵگا و بنەماڵەت بە سەرتا دایانسەپاندووە و ڕۆژێک لە ڕۆژانی تەمەن بیرت لەوە نەکردوەتەوە کە بۆ کەسی ڕاستەقینەت بگەڕێیت، بۆ کەسێتیی ئەبەدیت.

بۆیە ئەم بینەرە، ڕۆژێک، بەرەبەیانێک دێت و دەرگای ماڵەکەت دەکوتێت و دەتبات و زۆر بێ گوناهانە مەحاکەمەت دەکات، ڕۆژێکیش یان نیوە شەوێک، دێت و دەتکا بە قالۆنچە و هەموو ئەندازە دابینکراوەکانی مێشکت لەسەر هەبوونییەتت، تێکدەشکێنێ و لە دەم کونی ئاودەستێکدا، بە پشتا دەتخات و لێت دەگەڕێت. ئیستا ئیتر تۆیت و هەبوونێک بە دژوارترین حاڵەتی مرۆڤانەوە و لە پیسترین شوێنێکدا کە هێمایەکە بۆ ئەم جیهانەی پێت تێناوە و بە دەستی خۆت لە خۆتت کردووە بە ئاودەست، بە وێرانی. تەنانەت ناتوانی بە خوشکەکەت بڵێی: منم! هەر ئەو کوڕەی دوێشەو تا درەنگان پێکەوە قسەمان دەکرد و خۆش بووین. تۆ ئیتر ئەو کەسە نەماوی. ئێستا ئیتر تۆ حاڵەتێکی نانەجیبانەی حەیاتی و پێویستە بۆ ئەو خاڵە نادیارەی وشیاری بگەڕێیت. تا پاش داماڵینی ئەو پێستە دژوارە، پاش کێشانی ئەو ئازارە ئەزەلییەی لە بەری هاتوویتە «ئێرە» و وات بەسەر خۆت هێناوە، ڕێ نەدا بگەڕێیتەوە و خۆت بیت.

کافکا وشیارە و وەک زۆرینەی نووسەران دەربایستی ئەوە نییە ببینرێت و بخوێندرێتەوە. بەڵکو لە توێ بە توێی دەقەکانیدا دەتوانین ئەو خەمە بەدی بکەین کە تەمایەری هاتنی تەمایەرە و هەموو گرنگییەکی لە کاتی نووسیندا ئەوەیە بگاتە دەست خاوەنی خۆی. خاوەنی خۆی؟ ئەرێ. تۆی ئەو کەسەی کە دەبێت ئەو دەقە بگاتە دەستت و لە چرکەیەکدا وشیاریت بەسەردا بێت. چۆن؟ کە تۆ «کانی» دەخوێنیتەوە و بە چەند چرکە خۆت دەسپێریتە دەست ئەو سیحرانەی کافکا لە دەقێکدا شاردوویەتیەوە تا گەڵکوو خەوی ئاگایی بردنەوەی تۆ لەم ژیانەی ساڵەهایە پێی ڕاهاتووی، خێرا خاڵی وشیارییەکە بێدار کاتەوە و بینێرێتە گیانت. تۆ خەریکی دەخوێنیتەوە و لە مینیمالێکدا تەنها چەند وشە لە زێهنتدا جێی گرتووە. هێشتا هیچ بزاڤێک بە هەبوون نەدراوە و ڕەنگە تا دواهاتی کارەکەش هەر ئەو بزاڤە نەبینیت. بەڵام لەوێیە و ئاگەدار بە بەم زووانە سەرەتای بیگ بەنگێکە لە دەروونی تۆدا. تا زووە و لەمە درەنگتر نەبووە، واز بێنە لە «ئەو». تۆ خۆت کانییەکەیت و دەبێت هەمووان تێراو بکەیت. ئەمە ئەو چەشنە ڕوانینەی کافکایە کە لە باری دەروونناسییەوە خۆ لە عیرفانەکانی ڕۆژهەڵاتیش نزیک دەکاتەوە و بە دڵنیاییەوە مزگێنیت دەداتێ کە «بینیوێتی» کە «بووە»...

تۆش ببە! ئێستا چەند ڕۆژە خوێندنەوەی «کانی» تەواو بووە و تۆ بە خەیاڵی خۆت لێبوویتەوە. بەڵام ئەرکی مینیمالیزم تەنها لە چەند چرکەدا تەواو نابێت. ئێوارەیەکە و دڵتەنگیت. نازانی بۆ؟ نازانی کوێت ژانی کردووە. نازانی بێ مەیلیت بە هەموو شتەکانی ئەم دنیایە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە نێهێلیزم نییە، نا. ئەمە ئەو ئەرکەی مینیمالیزمە کە لە ئەستۆیەتی و خەریکە ڕۆژان و بگرە ساڵانێکیش دوای تەواوبوونی بەڕێوەی دەبات و پڕینچکەکانی وشیاری دەگەیەنێتەوە بە زیهنی مشەوەشی تۆ.

بۆیە بە دڵنیاییەوە، ئەرکەکانی مینیمالیزم لە چەند چرکە و چەند ساڵ و بگرە چەند سەدەشدا کۆتاییان نایەت وهەمیشە بەردەوامە لە دڕینی کێوەکانی بەرگریناسیندا. کافکا لێرە خەریکە بە مینیمالێک سەفەری ئەزەلی مرۆڤ دەگێڕێتەوە و ئەو پەردە وا پیشان دەدات کە بە ڕابواردنی سەدەکانیش لە بیرمان نەچێتەوە.

## لەفرۆیدەوە بۆ دۆستویڤسکی

# قسەیەک لەبارەی ڕۆمانی «سوپاس بۆ دۆستویڤسکی»

**ئەیاد جەمیل**

« سوپاس بۆ دۆستویڤسکی» یەکەم ئەزموونی ڕۆماننووسینی سوارە نەجمەددینە، ئەم بەرهەم نوێیە لەدووتوێی 95 لاپەڕەدایە. بەرلەوەی بچینە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە دەبێ باس لەوە بکەین کە پێشتر نووسەر چیرۆکێکی بەم ناونیشانە نووسیوە و پاشان هاتووە لەژێر هەمان ناونیشاندا ئەم ڕۆمانەی نووسیوە. لەپێشەکیی ڕۆمانەکەدا نووسەر دەڵێت «نەمبیستووە هیچ چیرۆکێک تاقانە بێت، تەنانەت چیرۆکەکانی گوێ ئاگردان و ئەو چیرۆکانەی بەمنداڵی، دایکم بۆ خەواندن دەیگێڕایەوە بەتەنیا نین، هەموو چیرۆکێک زادەی چیرۆکێکی دیکەیە، بەڵێ چیرۆکی ڕووداوی چیرۆکی دیکە، لەو باوەڕەدا نیم هیچ چیرۆکێک بەتەنهاخولقابێ.» ئەم ڕۆمانە زۆرتر ڕەهەندێکی دەروونیی هەیە و پەی بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دەبات. بەوەی کە لە ناونیشانەوە دەمانباتەوە بۆ لای دۆستویڤسکی و لەناوەڕۆکیشدا لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا خوێنەر دەچێتە دنیای کۆمەڵایەتی و ڕووداوێک کە زۆرتر ئیشکردنە لە دەروندا، ئەویش لەشێوەی ڕووداوی کوشتنی پیرەژنەکەی ناو ڕۆمانی تاوان و سزای دۆستویڤسکی بەدەستی ڕاسکۆلنیکۆف و لەوێشەوە بۆ دنیای ڕۆمانەکەی عەتیقی ڕەحیمی، ئەم کارانە ئیشکردنن لەسەر دنیای کوشتن و تاوان و کاردانەوەکانی لەسەر کەسایەتیی بکوژ. کوشتن بەپێی شوێن و کات چۆن کاردانەوەی هەیە لەسەر کەسی بکوژ، دۆخی بکوژ بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات، لای دۆستویڤسکی بکوژەکە کە ڕاسکۆلنیکۆفە دوای تاوانەکەی تووشی چ دۆخێکی دەروونی دەبێ، لای عەتیق و لە کۆمەڵگەی ئەفغانیدا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت و لای ئەم نووسەرە گەنجەش کە ڕۆمانی سوپاس بۆ دۆستویڤسکی نووسیوە، دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێ؟ لە هەرسێ بەرهەمەکەشدا ڕووداوەکان بەدۆخێکی دەروونی و بە ناخی کارەکتەرەکاندا ڕۆدەچنە خوارێ و گوزارشتەکان لەبارەی دەروونی ئەو مرۆڤانەوەیە. ساتەوەختی هەستکردن بەتاوان لای مرۆڤێکی ڕووسیی زەمەنی دۆستویڤسکی و مرۆڤێکی ئەفغانیی سەردەمی عەتیق و مرۆڤێکی کورد لەسەردەمی ئەمڕۆدا کە نووسەر، سوارە نەجمەدین تێیدارۆمانەکەی نووسیوە. سوپاس بۆ دۆستویڤسکی نیشاندانی وێنەی کۆمەڵی کوردەوارییە، مرۆڤی کور لەم عەسر و زەمانەدا چۆن




بیردەکەنەوە؟ ژیان بە چ دۆخێکدا گوزەر دەکات. مرۆڤی کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە کاتێ ڕووبەڕووی دۆخێکی ئاوها دەبێتەوە تووشی چی دەبێت؟. لەهەمان کاتدا وێنەی کۆمەڵی کوردی لەم ڕۆمانەدا وێنەی سەردەمێکی نوێیە کە ژنێکی عەرەب دەتوانێ لەناو کورددا وەک سەرمایەدارێک بەحوکمی ئەوەی پارەدارە، دەسەڵاتی هەبێ. ئەمەش ئاماژەکانی سەردەمی مۆدێرن و دنیای کرانەوە و ئابووریی تازەیە کە لەدوای هەڵوەشانەوەی بەعس و لەسەردەمێکی نوێدا دنیای بازرگانی و خەڵکی سەرمایەدار سەر بە هەر نەتەوەیەک بن، گەر خاوەن سامان و پارە بن دەتوانن بڕیار بدەن و دەسەڵاتیان هەبێ، با خەڵکی ئەم وڵاتەش نەبێ، ئەمە نیشاندانی دۆخێکی تازەیە کە مرۆڤ ئیتر گرنگ نییە سەر بە چ نەتەوەیەکە و لەناو چ نەتەوەیەکی تردا دەژی، ئەوەی گرنگە خاوەن سامانە و دەتوانێ بڕیار بدات، مولکی هەبێ. ئەوەی لەم چیرۆکەشدا ڕوودەدات هاووڵاتییەکی هەژارە و دەیەوێت بژی، هەرچۆنێک بێت بتوانێ ژیانێکی نوێ بۆ خۆی و دەزگیرانەکەی دابین بکات، بەڵام لێرەدا تووشی ژنێکی عەرەب دەبێ کە خاوەنی کافتریایە و دەوڵەمەندە، دەزگیرانی بکوژ لای ئەو ژنە کار دەکات. مامەڵەی ئەو ژنە عەرەبە کە نوێنەری ئەو دنیا تازەیەی مۆدێرنەیە و هاتووە لە وڵاتێکدا کار دەکات و کافتریای هەیە کە پێشتر بەهۆی ستەمی نەتەوەییەوە لەنێوان کورد و عەرەبدا چیرۆکێکی درێژی خوێناوی هەیە، ئەم چیرۆکە درێژە دۆخێکی دروست کردووە کە کوشتنی ئەو ژنە وەک جۆرێک لە شەهامەت و پیاوەتی، یان ڕۆحی تۆڵەکردنەوە سەیر دەکرێت. ئەم ڕۆحی تۆڵەکردنەوەیە لای زۆرێک لەو نەتەوانەی کە ستەمیان لێکراوە دەبینرێ، وەک تەیب ساڵح لە ڕۆمانی وەرزی کۆچدا کاری لەسەر کردووە و کارەکتەری ڕۆمانەکە وا بیردەکاتەوە کە بەسێکسکردن لەگەڵ ژنانی بەریتانیدا دەتوانێ تۆڵەی گەلە ستەملێکراوەکەی بکاتەوە کە زەمانێک پێشتر لەلایەن داگیرکەری ئینگلیزەوە ستەمیان لێکراوە. ئەم دۆخە دەروونییە لای هەموو ئەو نەتەوانە ئامادەگی هەیە کە چیرۆکی ستەمکارییان هەیە و ئازاردراون. لەم ڕۆمانەشدا هەمان شت هەیە و لای بەشێکی زۆری تاکی کورد ئەو هەستە هەیە، ئەمەش وادەکات مرۆڤی کورد بەچاوێکی دی سەیری عەرەب یان عێراقی بکەن. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە بێتاوانیش بێت.

خاڵی گرنگی ئەم ڕۆمانە ڕووداوی کوشتنی ژنێکە کە دۆخەکە بەئاڕاستەیەکی دەروونیدا دەبات. دەبێ ئەوە بڵێین ئەساسی ئەم جۆرە کارکردنە لای نووسەر سوارە نەجمەددین دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە چیرۆکی نامەیەک بۆ فرۆید کە ڕەهەندێکی دەروونیی هەیە، ئەمە ئەساسێکە لای ئەو نووسەرە کە پێشتر کاری لەسەر کردووە. لەنامەکانی فرۆیدەوە بۆ دۆستویڤسکی دەکرێ بڵێین گرێدانەوەیەک لەم کارانەدا هەیە کە ئەویش ئەوەیە فرۆید ئەو پزیشکە بەناوبانگەی ئیلهامی لە دۆستویڤسکییەوە وەرگرتووە، باشتر بڵێین بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی کە یارییەکی سەیری دەروونیی تێدایە، فرۆید سوودی زۆری لێ وەرگرتوون بۆ ئەزموونی کارکردنی خۆی لەدنیای نەست و دەرووندا. سوارە نەجمەددین بەفرۆید دەستی پێکردووە و بە مانەوەش لەناو چیرۆکە دەروونگەراکانی مرۆڤدا بەوە گەیشتووە کە ڕۆمانێک بەرهەم بهێنێ لەچوارچێوەی ئەو بابەتە گرنگەی دۆستویڤسکی کاری لەسەر کردووە کە دەروونی مرۆڤە لە ساتەوەختی هەستی تاوانباریدا. سوپاس بۆ دۆستویڤسکی کە وەک گوتمان لای سوارە نەجمەددین ئەساسەکەی گەڕانەوەیە بۆ چیرۆکەکانی کە بۆ فرۆیدی ناردووە، بەمەش نووسەر قووڵ بووەتەوە لەناو چیرۆکەکانی دەروون و هەست و نەستی مرۆڤ لە کۆمەڵی کوردیدا. خولاسەی باس ڕووداوی ناو ڕۆمانی سوپاس بۆ دۆستویڤسکی کێلان و کنەکردنە لەناخ و هەستی مرۆڤی کوردی لە ڕۆژگاری تازەدا.

# ژیان چییە؟ مەرگ چییە؟ من کێم؟

## گفتوگۆ لەگەڵ « هان کانگ» براوەی خەڵاتی مان بووکەری 2016

وەرگێڕان: هەژار

**ناساندن**

سڵاو، من هان کانگم و ڕۆماننووسم. هەمیشە بۆ من ئەزموونێکی تایبەت و ئێجگار خۆش بووە کە چاوم بە خوێنەرانم بکەوێ و لە نزیکەوە بیانبینم. وەرگێڕان تاکە پرۆسێسە کە تیایدا کتێبێک سەرلەبەر و دووبارە لەدایک دەبێتەوە و منیش زۆر خۆشحاڵ و سوپاسگوزارم کە بتوانم لەڕێی ئەم پرۆسێسە پڕبایەخەوە پێتان بگەم و بە دیدارتان شاد بم.

**چۆن بوویت بە نووسەر؟**

**هان کانگ:** هەمیشە کە منداڵ بووم دەمخوێندەوە. ماڵی ئێمە زوو زوو باری دەکرد، بۆیە منیش زۆر قوتابخانەم دەگۆڕی و لەبیرمە بۆ خۆم دەمخوێندەوە هەتا ئەو کاتەی هاوڕێی تازەم بۆ پەیدا دەبوو. کە منداڵ بووم تەنها بۆ خۆشی و چێژی پەتی دەمخوێندەوە، دواتر کە بوومە مێردمنداڵ هەمدیسان بە چاوێکی دیکەوە گشت ئەو کتێبانەم خوێندنەوە. هەموو ئەو پرسیارە تایبەتانەی لە سەردەمی لاوی و مێردمنداڵیدا دەکرێ، من لە خۆمم کرد، مانای چییە مرۆڤ بیت؟ ژیان چییە؟ خەڵک بۆ دەمرێ؟ من کێم؟ کاتێکیش هەمدیسان ئەو کتێبانەم خوێندنەوە، سەرم سوڕما کە وەڵامی هیچ کام لە پرسیارەکانم وەرنەگرتەوە- تەنیاوتەنیا پرسیار هەبوو، وەڵام نەبوو. هەستم کرد نووسەرانیش وەکوو من لە ئاست وەڵامی پرسیارەکاندا دەستوپێ سپی و بێسەرەداون، هەمان ئەو پرسیارانەیان کردووە و نووسیویانە کە من هەمبوون. لەبەرئەوە هەستم بە جۆرێک نزیکایەتی و لەوانچوونێک کرد، ئەگەرچی من ئەوسا تەنیا لاوێک و بوونێکی ناگرینگ بووم و پێم وابوو ئەگەر نووسین شتێکە لەبارەی پرسیارکردن و دۆزینەوە و پەیداکردنی وەڵام هیچ گرینگ نییە، ئەوا منیش دەتوانم بەو جۆرە بنووسم.

**دەتوانیت بەکورتی باسی خۆت بکەیت؟**

**هان کانگ:** من ئەدەبی کۆریاییم لە زانکۆ خوێندووە. پاش ئەوەی زانکۆم تەواو کرد و لەوێ دەرچووم، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە وەشانخانە و گۆڤارەکاندا کارم کرد. کتێبم دروست دەکرد، چاوپێکەوتنم لەگەڵ خەڵک دەکرد و وتارم دەنووسی، بە ئەرک و ڕاسپاردەیش دەچوومە گەشت. دوای ئەوەی خۆم دەستم کرد بە نووسین، کاتی وا هەبووە بەتەواوی سەرقاڵی نووسین بوومە و کاتی واش هەبووە لە پەناوە وانەم گوتووەتەوە؛ سا ئیتر ئاوا زەمەن تێدە پەڕێ و دەڕوا.

**وەکوو نووسەر چ کات هەست بە ڕەزامەندی و خۆشی دەکەیت؟**

**هان کانگ:** بە لای منەوە، نووسین پرسیارکردنی بێکۆتایە لەبارەی ئەوەی ژیان چییە، مەرگ چییە، من چیم. وەختایێک کە دەنووسم، بەتایبەت ئەو کاتانەی ڕۆمان دەنووسم، یەک، دوو، سێ، هەندێ جاریش چوار ساڵ شتی تێدا دەگۆڕم. بۆیە هەر کات هەست دەکەم وەک نووسەرێک بەرەوپێش چوومە، کاتێ دەبینم بە دوای ئەوەدا دەگەڕێم مانای چییە مرۆڤ بیت بە جۆرێک کە لە کتێبێکمەوە بۆ کتێبێکی دیکەم ڕێگە و شێوازی جیاواز دەگرمە بەر، ئەوە ئەو کاتانەیە کە دڵخۆشم بەوەی دەبمە نووسەر.

**ڕۆمانی "ڕووەکی"ـت باسی...؟**

**هان کانگ:** پاڵەوانەکە ژنێکە و ناوی "یۆنگ هێ"ـیە، ڕووەکخۆری وەک شێواز و ڕێگەیەک بۆ ناتوندوتیژی و زیاننەگەیاندن بە هەرشتێک دەبینێتەوە. خواردنی گۆشت سیمبولی توندوتیژیی مرۆڤە، توندوتیژیی ئەم جیهانە، هەر بۆیە "یۆنگ هێ" ڕووەکخۆریی تەواوەتی وەکوو ڕێگەیەک بۆ خۆپاکژکردنەوە و خۆبێبەریکردن لەو توندوتیژییە هەڵدەبژێرێ. بەڵام دواتر ئەوەی لا دروست دەبێ کە ڕووەکە زیاتر لەوەی مرۆڤ بێ و بە تەواوەتی دەست لە خواردن هەڵدەگرێ و خۆی لێ دەگرێتەوە. تەواو تەواو هیلاک دەبێ، لەگەڵ ئەو دەرەنجامە تەوسئامێزەی کە ئەوەی ئەو کردی بۆ ڕزگارکردنی خۆی بە کوشتنی کۆتایی دێ.

**ڕۆمانی ڕووەکی لە چییەوە سەرچاوەی گرت؟**

**هان کانگ:** چیرۆکێکی کۆنم هەیە ناوی "میوەی ژنەکەم"ـە، هیی دە ساڵ و شتێکی وا لەمەوبەرە، دەربارەی ژنێکە کە بەڕاستی و بە جەستە دەبێ بە ڕووەک و مێردەکەی دەیخاتە ناو ئینجانەی گوڵەوە و ئاوی دەدا و خەمی لێ دەخوا و بەردەوام ئاگاداری دەبێ. هەمیشە دەمویست شتێکی وا بنووسم کە درێژکراوەی ئەو چیرۆکە بێ، ئەوە یەکەم هاندەری من بوو بۆ نووسینی "ڕووەکی" و دووەم هاندەریشم ئەوە بوو هەمیشە کونجکۆڵ بوومە لەبارەی توندوتیژیی مرۆڤەوە، دەمویست بە دوای ئەوەدا بگەڕێم ئەگەر بێگوناهیی مرۆڤ شیاو و کاری کردە بێ، کەوایە ئەو شتە چییە وا لە مرۆڤ دەکا مەجبوور بێ زاڵ بێ تا بتوانێ پێشڕەویی ژیانێکی بەتەواوەتی بێگوناهـ و بێخەتابکا.

**دەتەوێ لەڕێی ئەم ڕۆمانەوە چ پەیامێک بگوازیتەوە؟**

**هان کانگ:** دەکرێ کەسێک بەتەواوی بێگوناهـ بێ؟ چی ڕوودەدا ئەگەر ئێمە سوێند بخۆین و نەزر بکەین ئازاری هیچ شتێک نەدەین؟ گوناهـ چییە و ڕزگاری چییە؟ جوانی چییە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هیوام دەخواست لەگەڵ خوێنەرانی ئەم کتێبەدا بەشیان بکەم.

**کەسایەتیی دڵخوازی تۆ لەم ڕۆمانەدا کێیە؟**

**هان کانگ:** ئەم ڕۆمانە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەڵام تەوسئامێزانە پاڵەوانەکە، یۆنگ هێ، دەنگێکی دیاری نییە. ئەو کەسایەتییەکی بێدەنگە، کە چاودێری دەکرێ، هەواوهەوەسی لەسەر تاقی دەکرێتەوە، بە هەڵە لێی تێدەگەن، جێی بەزەیی ئەوانی دیکەی ناو ڕۆمانەکەیە و بە تایبەتیش لەبەر ئەو هۆکارانە کاتێک ئەوم دەنووسی، زۆرم ئاگام لێی بوو و خەمم لێی دەخوارد. پاش ئەو بەزۆری هەستم بۆ "ئین هێ"ـی خوشکی هەیە. دەتوانیت بڵێیت ڕۆمانەکە دەربارەی ئەم دوو خوشکەیە. هەرگیز ئەوانی تر لە "یۆنگ هێ" تێناگەن، بەڵام "ئین هێ" ئەو کەسایەتییەیە کە نزیکە لەوەی لە ئازارەکانی تێبگا. ئەوم خۆشدەوێ لەبەر ئەوەی هەوڵ دەدا لێی تێبگا و هاوبەشیی لە ئازارەکانی خوشکەکەیدابکا.

**ئەگەر دەتوانیت یەک ڕستەم پێ بڵێ کە باشترین گوزارشت بێ لە "یۆنگ هێ"؟**

**هان کانگ:** یۆنگ هێ" وەک گێڕەرەوە دەنگی نییە، بەڵام لەڕێی گفتوگۆوە گوزارشت لەوە دەکا کە هەستی پێ دەکا، لەوەی بیر لە چی دەکاتەوە. بە خوشکەکەی دەڵێ "بنوارە، خوشکێ، من لەسەر دەستەکانم ڕاوەستاوم و قاچەکانم بە حەواوەن؛ گەڵاکان لەسەر جەستەم دەڕوێن، ڕەگەکان لە دەستەکانمەوە گوڵ دەگرن... بە ناخی زەویدا ڕۆ دەچن..." باسی ئەوە دەکات چۆن جەستەی دەگۆڕدرێ بۆ ڕووەک، بۆیە بۆ ئەو ئەوە شتێکی زۆر گرنگە بۆ گوتن.

**بۆچوونی تایبەتیی خۆت چییە لەسەر ڕووەکخۆری؟**

**هان کانگ:** لە کۆتایی بیستەکانی تەمەنمدا چەند ساڵێک ڕووەکی بووم. هەر بۆیە هەمان ترس کە "یۆنگ هێ" هەستی پێ دەکا، منیش هەستم پێ کردووە. وەک بڵێی هەمووان هەوڵیان دەدا گۆشتم دەرخوارد بدەن. پاش ئەو ساڵانە لەبەر هۆکاری تەندروستی دەستم کردەوە بە گۆشتخواردن، بەڵام بەکەمی. ئەگەرچی هێشتاش حەزم لە گۆشت نییە، هەمیشە هەست بە گوناهـ دەکەم لە خواردنیدا. خەڵکانێک دەناسم گۆشتخۆرن بەڵام کێ گوێ بەو هەقیقەتە دەدا کە ئێمە ژیانی ئەوانی تر بۆ پارێزگاریی لە ژیانی خۆمان لەناو دەبەین.

**وەک نووسەر بەبەردەوامی بیر لە چی دەکەیتەوە؟**

**هان کانگ:** پرسیاری جەوهەری و بنچینەیی من ئەمەیە؛ مرۆڤبوون یانی چی؟ بەئاشکرا ئەوە پرسیارێکی بەردەوامە کە لە هەر ڕۆمانێکدا دەگۆڕدرێ. جا لە ڕۆمانی "ڕووەکی"ـدا پرسیاری ئەوەم کردووە کە مرۆڤ چییە؟ دەکرێ مرۆڤ بێگوناهـ بێ؟ ئایا دەتوانین بەتەواوەتی توندوتیژی ڕەت بکەینەوە؟ هەروەها لە "ئێستا بڕۆ" و "با فیکە دەکێشێ"ـدا، دەپرسم، ئاخۆ دەشێ ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان جوانی و توندوتیژی لەم جیهانەدا پێکەوە گرێ بدەین؟ ئاخۆ ژیان شایستەیە تیایدا بژین؟ لە دوای ئەوە لە ڕۆمانی "وانەکانی گریک"ـدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر بەرگەی ئەم ژیانە بگرین، بە چ شێوەیەک دەتوانین بەرگەی بگرین؟ هەروەتر لە ڕۆمانی "وا کوڕێژگەکە دێ"ـدا پرسیارەکە ئەوەیە؛ مرۆڤبوون یانی چی؟ بۆیە هەمیشە پرسیارەکە لە گۆڕاندایە. بەڵام پرسیاری جەوهەری لە بنەوەی هەموو شتەکاندا ئەمەیە؛ مرۆڤبوون یانی چی؟

**هانگ کانگ**

- لە 27 تشرینی دووەمی 1970 لە گوانگجو لە کۆریای باشوور لە دایکبووە.
- ڕۆماننووسە.
- ئەدەبی کۆری لە زانکۆی یۆنسێی تەواوکردووە
- زیاتر چیرۆکی خەیاڵی دەنووسێت کەسێکی ڕووەکخۆرە
- خەڵاتی مان بووکەری نێودەوڵەتی بۆ ساڵی 2016 بردووەتەوە
- خەڵاتی یی سانگی ئەدەبی بۆ ساڵی 2015 بردووەتەوە .

تێبینی: ئەمە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنییە و لە 19ی مەی 2016 ئەنجام دراوە.

سەرچاوە: koreanliteraturenow





## «مرۆڤ و شکۆمەندی»

**ئارام حەمە**

سەرەتا کە خودا مرۆڤی ئەفراند، بەپێی هەموو دەقە پیرۆزەکان، تەورات و ئینجیل و قورئان، ڕێزێکی گەورەی لێنا، گەرچی ڕەنگە هەندێ جیاوازی لە شێوازی گێڕانەوەکاندا هەبێ، بەڵام دواجار خودا کە یەکەمین مرۆڤی خولقاند، فەرمانی بە هەموو فریشتەکان کرد کڕنۆشی بۆ ببەن.

«ئەو کاتەی کە خودا ئادەمی دروستکرد لە قوڕێکی سوورکراوەی گڵکاری فەخفووری وەک بتێکی بێگیانی ڕاکشاو و ناو بۆش، ئیبلیس هەر سەرەتاتکێی بوو، هەمیشە بە گومانەوە تەماشای ئەم شکڵە نامۆیەی دەکرد، دەیویست بزانێ کە ئەم دەعبا سەیرە چییە؟ لێی نزیک دەبووەوە و پەنجەی تێوە دەژەند و فووی بە گیانی بۆشی ئادەمدا دەکرد و وەک شمشاڵ دەنگەکە بڵاودەبووەوە، ئیبلیس دەترسا، ئیرەیی دەبرد کە دەبێ ئەم شتە سەیرە چی بێت وا خودا بە دەستەکانی خۆی لە حەوت جۆر گڵی جیاواز دروستی کردووە.

ئەو گڵەی فریشتەکان لە حەوت خاکی جیاواز و ڕەنگ جیاواز لەسەر هەسارەی زەمینەوە بۆ خودایان برد کاتێ خودا فەرمانی دابوو کە گڵی بۆبێنن.

ئیبلیس بەپاشەوەی ئادەمدا ڕەت دەبوو لە دەمیەوە دەهاتە دەر، لە دەمیەوە ڕەت دەبوو لە پاشەوەی دەهاتە دەر، ئیبلیس هەراسان بوو نەیدەزانی چی بکا. سەری سوڕدەما کە دەبێ ئەم هەیکەلە سەیرە درێژە چی بێ؟!ماخۆڵانی بوو هەر دەهات و دەچوو.

ڕۆژێک کە نازانین کەی بوو، خودا هەمووانی جەم کرد و لە بەردەم فریشتەکاندا کە ئیبلیس لە ڕیزی ئەواندا بوو، ڕۆحی کرد بە بەری ئادەمدا و ئادەم لە نووری خودادا نوقم بوو. ئادەم وەجوڵە کەوت و کەوتە لینگەفرتێ و بە فەرمانی خودا هەستایە پێیان، بەپێوە وەستاو لە پەیکەرێکی ناو بۆشی سوورکراوەوە بوو بە مرۆڤ، خودا هەموو توانای خۆی لە دروستکردن و هونەرسازیی ئادەمداوە گەڕخستبوو.


ئادەم وەک نەمام دەشنایەوە و تەماشای ئیسرافیل و عیزرائیل و میکائیل و جوبرائیل و ئیبلیس و هەموو ئەوانی دیکەی دەکرد. چاوی دەچووە سەر ئیبلیسی حەپەساو، خودا فەرمانی دەکرد کە ئادەم بدوێ و ناوی هەمووان بهێنێ. ئادەم بە گۆ دەکەوت و بە زمانێک کە نازانین چ زمانێک بووە و ڕەنگە زمانێکی خودایی بووبێ، یەک یەک ناوی هەمووانی دەهێنا.

خودا فەرمانی دەکرد کە هەمووان کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، بۆ توانایی خودا کڕنۆش ببەن، هەموو بێ چەندوچۆن ملکەچ دەبوون و سەری ڕێزیان بۆ ئادەمی داماو دەبرد. خودا کە سەیری دەکرد هەموو ملکەچن وەلێ ئیبلیس کڕنۆشی نەبردووە، تووڕە دەبوو. دەیگوت ئیبلیس بۆ بێ فەرمانیم دەکەی؟ من فەرمانت پێ دەکەم کە کڕنۆش بۆ ئادەم ببەی. ئیبلیس دەیگوت خودا من کڕنۆش بۆ دروستکراوێک نابەم لە گڵی بێنرخ خوڵقابێ. من لەو پیرۆزترم، من لە ئاگر چێ بووم وەلێ ئەو لە قوڕ.

ئەوە یەکەمین دڵشکانی مرۆڤ بوو، ئیدی تەریقبوونەوەی ئادەم لەوێوە دەستی پێ کرد.

خودا ناوی ئیبلیسی گۆڕی بە ڕەجیم و نەفرەتلێکراو و ناوی نا شەیتان. شەیتان لە فەرمانی خودا هەڵات، وەلێ هەرگیز هاودژی نەبوو. خودا گەورە و تاک و تەنهایە. شەیتان بە خودای گوت من بڕوام بە تۆیە خودا، وەلێ چاوەڕێم بۆ ڕۆژی بەڵێنپێدراو، خودا گوتی بڕۆ تا ڕۆژی بەڵێنپێدراو ئازاد بە، شەیتان گوتی بەڵام سوێند بە گەورەییت دەخۆم دەبێ کارێک بە ئادەم و نەوەکانی بکەم کە هەمیشە دەستیان لە خوێنی یەکتردا بێ.

شەیتان بانگەشەی جەنگێکی ڕاگەیاند کە مرۆڤ دەستی تێدا نەبوو، مرۆڤ تەنها دروستکراوێکی خودا بوو، خودا خۆی مرۆڤی بەشەڕدا، ئەوە یەکەمین دڵشکانی مرۆڤ بوو».



# خەمی ژیان

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

بەردەوام دەبم
دڵ بۆ سادەیی دەکەمەوە
تا دەستم شل دەبێ لە مردن رادەکەم
تا دەستم شل دەبێ لە خۆم دەبمەوە
نزیک لە سروشت
وەک با لە باوەشی دووری
دەچمەوە شار
بەردەوام دەبم
ناتوانم بەردەوام بم
نامبینی کە چۆن دەکەوم
نامبینی دەنگم نوزەی دێ
ئەوە هیچ نییە
بەردەوام دەبم
گوێ لە دڵی مردووان دەگرم
ئەوەی گوێی بۆ دەگرم خۆم نیم
ئەوەی گوێی بۆ دەگرم کێ بێ
پەیوەندی بە دڵەوە هەیە
تا دەستم شل دەبێ

مردووە نەمرەکان دەدوێنم
باوەش بۆ خۆم دەکەمەوە
ئەوە هیچ نییە
لە شاردا هەم زیندووەکان و هەم مردووەکان
گاڵتە بە یەکتری دەکەن
وەک ململانێ لەسەر هێز
دادپەروەری
لە دوکانی نادادپەروەری دەفرۆشن
ئازادی لە ئازادی دەگرنەوە
ئەوە هیچ نییە
ناتوانم بەردەوام بم
دوور لەو کاتەی کە هێز دەبێتە گەمژەیی
لەو کاتەی کە مردووان دەبنە نەمر
کە دەنگم دێ لە گۆڕستان
باوەش بۆ خۆم دەکەمەوە
بەڵام نەمزانیوە مردووم.

2016/11/25

# گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی ماری قسەیفی

وەرگێڕانی: نیگا



1

پەنجەرەی خەوبینین
بەکراوەیی جێبهێڵە تا بەرزییەوە بێمە خەوت !

2

چەند زەحمەتە
خۆشەویستییەکی گەورە
شوێنێکی بچووکی دەست نەکەوێ لەم سەرزەمینە!

3

لەسەر لێوم ماچێکی سەرکێش هەیە
نایەوێ بنوێت
لە نێوان لێوی تۆدا نەبێ !

4

لەو ساتەوە
کە بانگت کردم ..
ئەی خانمەکەم
ئیتر من نقوم بووم لە باوەشی
"ئەی"
کە لە هەموو ژنانی جیاکردمەوە !

5

خۆشترین شت
ترپەکانی دڵتە!
کە وام لێدەکات بیرنەکەمەوە.

6

دەزانم تۆ جوانترین پیاو نیت
دەشزانم من جوانترین ژن نیم
بەڵام دڵنیام ئێمە جوانترین عاشقین !

7

خەڵک !
چیت پێدەکەن خەڵک ؟!
خەونەکانت دەگۆڕن بە دێوەزمە و
هەر رۆژە و بەرگێکت
دەکەن بە بەردا!

8

دوو لێو پێتەکەنن
نازانن چۆن ماچ بکەن !

9

چۆن عاشقی پیاوێک نابم !
ئەگەر رووبدات بە قسەیەک
بریندار بکەم
لە ئامێزم دەگرێ و دەڵێ
برینەکەم ئازاری پێتەگەیاندووی؟!

10

لە گیرفانی کراسە شینەکەتا
ئەو گیرفانەی کە دەکەوێتە لای دڵەوە
ئەو دڵەی خۆم دەزانم چۆن بۆم لێدەدات !
وەک چۆن ئێستا کە ئەم وشانەم دەخوێنیتەوە
پێش چەند ساتێ ..
پێنج ماچ و سێ خەندە و دوو باوەشم
بۆ جێهێشتوویت
دەبێ بەشت بکات تا بەیەک دەگەینەوە !

**ماری قسەیفی**
ژنە شاعیر و رۆماننووسی لوبنانی، ساڵی 1960 لە ناوچەی ریحانەی بەیرووت لەدایک بووە. ماوەی بیست و پێنج ساڵە لە بواری فێرکردندا وەک مامۆستا کار دەکات و لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی لوبنان و وڵاتانی عەرەبیدا نووسینی بڵاوکردووەتەوە.